# ڕۆژ لە گرەوە* هەڵدێ


ڕێگای کوردستان
ژمارە (١٣٠-٩١٣) سێشەممە ٥ / ٦ / ٢٠١٨
ڕۆژ لە گرەوە* هەڵدێ
ئاسۆ بیارەیی

زمانێکی گەرمیانیی، تێکەڵەی کەرکوکی و ناوچەی شوان، وشەی نازادار و نیان، وێناکردنی پێکهاتەی خێزانی ڕۆژهەلاتیی و پێوەرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی پێکردوە، گرێدانێکی نایاب لە نێوان کۆمەڵگەی عارەبیی و کوردیی. ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە و بەسەرهاتەکانی دەگەڕێنەوە بۆ سێ ماوەی جیاواز، سەردەمی بەعس، دواتر و دەسەڵاتی کوردی. مژارەکانی پڕن لە ئاوێزانکردنی ئازار و لێکبەرکەوتنی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی باوکسالاری و ژێردەستەیی مێینە لە کۆمەڵگەدا.

نووسەر بە سەلیقەیەکی سالارانە توانیویەتی بە خامەکەی پێکهاتەی خێزانی ڕۆژهەلاتیی وێنا بکات، کە چۆن جەنگ، لێکترزانی خێزان و هەژاری و شەڕ، دەبنە بەشمەینەتی ئافرەت و لە لایەن هێزە بزوینەرەکانی کۆمەڵگە(باوکسالاری) دەچەوسێنەوە. بەردەوام پیاوەکان باڵادەستن و کۆمەڵگە بەگشتی ئەوان بەڕاست دەزانێ. نووسەر بە شێوەیەکی زەلالانە باسی ئەوە دەکات کە چۆن داوێنی ئافرەت بڤەیە و خەوشێکی گەورەیە بۆ خۆی، ئەگەر هەڵەی پیاویش بێ. نووسەر زۆر بوێریانە باسی بەکاڵاکردنی لە شی ئافرەت دەکات و چەوا دەسەڵات خۆی لە ستەمی پیاوان دژی ژنان دەدزێتەوە.

خاڵێکی گرنگ کە زۆر سەرنجی ڕاکێشام لە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە بەنرخە، ئەوەیە کە بەداخەوە خودی ئافرەتان ڕۆڵی وەبەرهێنەری باوکسالاریی دەبینن.ئەوەش لەوەدا دەردەکەوێ، کە چۆن (سەراب) کچە پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە شۆفێری تەکسیەک لە سلێمانی فریوی دەدات و لە ماڵێکی سۆزانی دەستدرێژی دەکاتە سەر و کە سەراب ڕادەکات لە پۆلیسخانەی شار دەکەوێتە بەر تانە و گاڵتەی پۆلیسەکان و بڕوای پێ ناکەن. ئەو ژنە بازرگانە لە پیاوەکان دڕندەترە بەرامبەری.

نووسەر ژیرانە ناوی ئایکۆنەکانی هەڵبژاردوە، لەوانە ئوم تاریق، وەفا، ئەوین و سەرکەش، تەواو لەگەر کەسێتی کۆمەڵگەی ڕۆژهەلاتیدا بگونجێ. هەژاری و نەداری، شەڕ و تەقینەوە، دووبابەتی دین کە نووسەر، توانیویەتی پێکەوە گرێیان بدات، کە چۆن شیرازی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تێکدەدەن و هوشیاری لە بیری تاکەکان دەسڕنەوە. کەوتنی ئەوین و خۆشەویستی بەژێر بەزەیی دەسەڵاتی باوکسالارییەوە، دیاردەیەکی دی زەقی ناو کۆمەڵگە ڕۆژهەلاتییەکانن کە نووسەر بەردەوام زەریف وێنای کردوون.

ڕۆمانەکە تەنها چەند لاپەڕەیەکە، بەڵام هێندە پڕپیت نووسراوە، کێشەکانی ئاین و لقەکانی(شیعە و سوننەگەرایی) لە خۆ گرتووە و دیاردەی کوشتن و خۆ سوتاندنی ژنانیش گرتووە خۆ. دیاردەیەکی قێزەون کە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناشیرین کردوە، لەوانە کوردیی.
بەستنەوەی واقعی کوردستان بە عەرەبستانەوە و نەبوونی خاڵی هاوبەش لە نێوان عارەو و کوردەوە و جیاوازییەکانیشی باسکردووە. لە ڕوی سیاسیەوە، نەبوونی دەسەڵاتێک کە بەرگری لە مافی مێینە بکات و ئاوا بەو شێوەیە کاری لەشفرۆشی لە ژێر دەسەڵاتی خێڵەکیی کوردیدا گەشە بکات، بەڵکو کوشتنی ئەو کەس و لایەنانەش کە هەوڵی ئاشکرکردنی ئەو پرۆسە بازرگانییە دزیوە دەدەن. بوونی لاوازی ڕێکخراوی ژنان و بێ دەسەڵاتیان بەرامبەر دەسەڵاتی ئەو گروپە مافیایانەی لە کوردستان هەن، کە هەندێکیشیان ڕاستەوخۆ لە سێبەر حزبدا تاوانی فرۆشتنی مرۆڤەکان دەکەن، ئاستێک نیشانەی بۆگەنی کۆمەڵایەتیی و پاشا گەردانی پێوە دیارە. ئەدی بۆ دەبێ پۆلیس و دەزگا ئاسایشەکان نەتوانن بەرگری لە هاولاتی بکەن؟
من زمانەوان نیم، بەڵام زۆر چێژم لەو شێوە دیسکۆسە فەیلی، لوڕی، زەنگەنە و گەرمیانی بینی کە خامەکەی نووسەر ئەم ڕۆمانەی پێ جوان کردگە. بەستنەوەی ژیانی پێشمەرگایەتی و ڕۆڵی ژن، دیسان پشکێکی دییە کە نووسەر ڕەنگی ڕۆمانە پێ ڕازاندوەتەوە.

وەک دەروونناسێکی کۆمەڵگە، دەتوانم بلێم، نووسەر لێزانانە توانیویەتی تراومایەک(داخورپەیەک) بخاتە ڕوو، کە نێوەی کۆمەڵگە پتر پێوەی دەناڵێ و نیشتیمانی لێکراوەتە گۆرستان، ئەویش بەهۆی ژنبوونی ژنەوە، بەهۆی باری جەستەیی و کۆمەڵێک پێوەری کۆنی سەدەکانی ناوەڕاستەوە.
وێڕای دەستخۆشی، هیوادارم هەرکەسێ ئینگلیزی بزانێ، ئەم ڕۆمانە وەرگێرێتە سەر ئەو زمانە. ئەمە سامانێکی نیشتیمانییە. لێ وێژە ئاستی گەشەکردنی کۆمەڵگە دەخاتەڕوو و گەنجینە کۆمەڵە. مەگەر خۆ بە گاڵتە داگیرکەران زمانی شیرنی کوردییان قەدەغە نەکردوە.

ئاسۆ بیارەی

---

لەگرەوە: لێرەوە، وشەیەکە لە هەڵەبجە بەکار دێت.